**وەزارەتی کشتوکاڵ**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**
**ژمـــــارە: ٣٢٠٤/١**
**ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٤/٣**

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٧
## تایبەت بە مۆڵەتدانی باخی مێوە

## « ڕێنمایی بۆ مۆڵەتدانی باخ »

بەمەبەستی هاندانی جوتیارانی کوردستان و خاوەن زەوی کشتوکاڵی بۆ دروست کردنی باخ و پەرەپێدانی ئەم کەرتە گرنگە لە کشتوکاڵ و پشت بە بریاری ژمارە (٦٠٤) ی سالی ١٩٧٠ تایبەت بە دابەشکردنی زەوی و گریٚ بەست ، بریارمان دا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایانەی خوارەوە بۆ مۆلەت پیٚ دانی دروست کردنی باخی مێوە :

١. پێویستە داواکاری پێشکەش بکرێت بە ڕێگای لقی ڕەزگەری و دارستان و پاوانی ناوچەکە، ئینجا بەرز بکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی رەزگەری ودارستان وپاوان لە پارێزگا کە دەست دەکرێت بە هەنگاوەکانی مۆلەت دان.
٢. مۆلەت دان بە دروست کردنی باخ لە سەر زەوی مولك یان زەوی دەولەت دەبێت کە مافی بە کارهێنانی هاوولاتیانی لەسەرە ، وە ئەگەر زەویەکی (مشاع) بوو لە نێوان چەند جوتیارێکدا، ئەوا پێویستە رەزامەندی هەموو هاوبەشەکانی لە سەر هەبێت. یان خاوەن داواکار گریٚ بەستی یاسایی هەبێت لە گەڵ فەرمانگەی پەیوەندار.
٣. مەرجە زەویەکە سەرچاوەی ئاوی هەبێت ئەگەر مەبەست لە دروست کردنی باخی بەراو بێت.
٤. بۆ دانی مۆلەتی باخ پێویستە رەزامەندی زەوی وزار و فەرمانگەکانی شارەوانی و کارەبا و شوێنەوار وەربگرێت.
٥. لە بەرێوەبەراییەتەکانی رەزگەری و دارستان و پاوان لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە چوار ئەندام ، دوانیان شارەزا لە بواری رەزگەری و سیٚ هەمیان پێوەر بێت و چوارەم نوێنەری ئەو لقە بێت کە باخەکە لە ناو سنوری دادەمەزرێت و سەرۆك لیژنەش پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵی بێت. و هەر (٦) شەش مانگ جارێك ئەم لیژنەیە بگۆردرێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. بۆ مۆلەت دان پێویستە لیژنەکە گشت کاری پێویست ئەنجام بدات وەك پشکنینی زەویەکە و وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگەکانی شارەوانی و کارەبا و ڕێگاوبان و شوێنەوار وەربگرێت وهەر کارێکی تر کە پێویست بێت.

٧. ئەم مۆلەتە سالانە نویٚ دەکریتەوە.

٨. پێویستە داواکار پەیوەست بێت بەو ڕێنماییە هونەریانەی لە فەرمانگەی پەیوەندارەوە دەردەچێت.

٩. مۆلەت دەدرێت بۆ دروست کردنی باخ بە مەرجێك زەویەکە لە (٥) دۆنم کەمتر نەبێت.

١٠.ڕەسمی پشکنینی زەوی وبەخشینی مۆلەت و نویٚ کردنەوەی، بە پیٚ ی ڕێماییەکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

١١. داواکار گریٚ بەستی نویٚ یان (سند ملکیه) ی نویٚ پیشکەش بکات وە ئەگەر زەویەکە بە بریاری دابەش بوون بوو دەبیٚ بریارەکە پەسند کرابێت.

١٢. ڕێکخستنی نەخشەك بۆ باخەکە.

١٣. ئەو چارچە زەویەی کە تەرخان دەکرێت شیاو بێت بۆ ئەم مەبەستە.

١٤. خزمەت کردنی باخ بە شێوەێکی زانستی و ڕێك بە تایبەتی لە رووی قەلاچۆکردنی مەگەز و نەخۆشی بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی بلاٚبونەوەی نەخۆشی بۆ پارچە باخی تر.

١٥. نابێت زەویەکە بە کار بێت جگە لە مەبەستی دروست کردنی باخ.

١٦.پێویستە سەرپەرشتیکردنی باخ لە لایەن ئەندازیاری کشتوکالٚی بێت و بۆ ئەم مەبەستە ڕێنمایی بە هەماهەنگی ڕێکخراوەکانی ئەندازیارانی کشتوکالٚی.

١٧.بەڕێوەبەرایەتی ڕەزگەری و دارستان و پاوان لە پارێزگاکان لیژنەێك ڕێك بخات بۆ بە دواداچونەوەی باخەکان بە مەبەستی زانینی پابەند بونی ئەم باخانە بە ڕێنماییە فەرمیەکانی لە دوا رۆژ.

١٨.هەر سەرپێچی کردنێك لە لایەن خاوەن باخ لەم مەرجانەی بۆی دیار کراوە ، مۆلەتەکەی لیٚ دەسێنرێت.

١٩. کەلیشەی مۆلەت بەم شێوەی هاوپێچ دەبێت کەلەگەلٚ ئەم ڕێنماییانە هاتووە.

**عبدالعزیز طیب**

**وەزیــــری کشتوکـــــال**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com